

# کەمەربەندی پانتۆڵیش بوو بە دیجیتالی!!


سەردەم سەردەمی بە دیجیتالی بوونە، پێڵاو، گۆرەوی، کڵاو، دەستەوانە...تاد هەمووشتێك بەرەو دیجیتالی دەڕوات تەنانەت کەمەربەندی پانتۆڵیش.. کۆمپانیای سامسۆنگ لە پیشانگای CES٢٠١٦ دا کەمەربەندێکی سمارتی خستەڕوو کە دەتوانێت سایز و ئەندازەی کەمەرت بگرێت، کەمەربەندی هۆشمەندی VELT جگە لەوە دەتوانێت شێوازی خواردنی و خواردنەوەت بخاتە ژێر چاودێری، ئەو هەنگاوانەی ڕۆژانە دەیپێوی بژمێرێ، هەروەها لەو کاتەی کە زۆر لە شوێنێك دابنیشی ئاگادارت دەکاتەوە ئەو زانیاریانەی کە بەهۆی کەمەربەندەکە کۆدەکرێنەوە بۆ مۆبایلێك بەرێ دەکرێن وو ئەوکات بەهۆی پرۆگرامێکەوە ئاگادار دەکرێیەوە کە دەبێت چ بکەی.



# تەبلێتێک هەموو ئەرکێکی کۆمپیوتەر ئەنجام دەدات

زۆرجار هاورێکانم پرسیار دەکەن، ئەرێ تەبلێت هەیە کە وەك کۆمپیوتەر بێت سیستەم و پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر بخوێنێتەوە و پشتیوانیان لێبکات.. ئێستا کۆمپانیایەك وەڵامی پرسیاری هاورێکانمی داوەتەوە، تەبلێتی جۆری Vi8 plusی بەرهەم هێناوە، یەکەم تەبلێتە کە ویندۆز١٠ی لەسەرە و پۆرتی جۆری USB TYPE-C ی لەسەرە کە دەکرێت ماوس و کیبۆرد و پرێنتەری لێ پەیوەند دەدرێت.. شاشەی تەبلێتەکە ٨ ئینجە و کوالیتی مامناوەندییە..خێرایی تەبلێتەکە زۆر باشە، رامەکەی دوو گیگابایتە و میمۆری ناوخۆی ٣٢ گیگابایتە لە هەمووشی گرنگتر نرخەکەی زۆر هەرزانبابیە..

# ڕۆبۆتێک منداڵان فێری پرۆگرام نووسین دەکات



کۆمپانیایەك لە پیشانگای ساڵانەی CES ٢٠١٦دا ڕۆبۆتێکی بەناوی Code-A-Pillar think & learn خستەڕوو. ڕۆبۆتێك کە فێری منداڵانی سێ ساڵە هەتا هەشت ساڵە دەکات بتوانن خۆیان پرۆگرام بنووسن. ڕۆبۆتەکە کە لەشێوەی کرمێکی رەنگاورەنگ دەچێت لە هەشت بەش پێکهاتووە و هەر بەشەی ئەرکێکی تایبەت ئەنجام دەدات.

هەر فەرمانێك پێی دەڵێت کە دەبێت جوڵەیەکی تایبەت ئەنجام بدا وەك (پێشەوە، پشتەوە، چەپ و راست، سووڕان، و دەنگە دەنگ..تاد) ئەو بەشانە بەهۆی پۆرتی USBیەوە بە یەکتر پەیوەند دراون. منداڵان دەتوانن هەریەك لەو بەشانە هەڵبژێرن و لەپەنای یەکتری دابنێن، کاتێکیش پارچەکان پێکەوە بەسترانەوە و دوگمەی هەڵبوون دابگرن و ئەوکات ڕۆبۆتەکە دەست دەکات بە جوڵە. راستە لەو کردارانەدا هیچ فەرمانێکی پرۆگرام نووسی روو نادات، بەڵام ئەوە بیر منداڵ دەخاتەوە کە جوڵە و فەرمان و کردارەکانی بەهۆی ئەو فەرمانانەوە جێبەجێ دەبن. ڕۆبۆتەکە وا دەکات کە منداڵان گەیشتنە تەمەنی تازە لاوی خۆیان پرۆگرام بنووسن.






## مژدەیەک
## بۆ ئەوانەی قژیان وەریوە

ئەوانەی قژیان وەریوە بەتایبەتی لە رەگەزی نێردا دەچنە لای پزیشکی تایبەت بە چاندنەوەی موو و قژیان دەچێننەوە.. هەرچەندە هەندێك دەرمانی تایبەتیش بۆ هاتنەوەی قژ لە دەرمانخانەکاندا گیر دەکەون، بەڵام نوێترین زانیاری لەبارەی قژوەرینەوە بوونی ئامێرێکی لەیزەرییە بۆ هێنانەوەی قژ، هەرچەندە ئەوەی تا ئێستا بیستوومانە لەیزەر زیاتر بۆ نەهێشتن و لە بنەوە دەرهێنانی موویە، بەڵام دیارە پێچەوانەکەشی بە لەیزەر دەکرێت، ئامێری لەیزەری iGrow کڵاوێکی تایبەتە کە لە رێگای تیشکی لەیزەرەوە دەتوانێت ببێتەهۆی رواندنەوەی قژ.. بۆ هەردوو رەگەزی نێر ومێ دەگونجێت.




## بەفرگرێکی تایبەت بە گوێی بەکارهێنەرەکەی دەکات

لە پیشانگای ساڵانەی CESی ئەمساڵدا سامسۆنگ بە خستنەڕووی بەفرگرێك (سەلاجە) سەلماندی کە ئیدی بەفرگرەکانی داهاتوو هەر ئەوە نین کە نەهێڵن شت تێك بچێت و بەساردی بیهێڵنەوە... ئەو بەفرگرە بەئاسانی وەڵامی پرسیارەکانت دەداتەوە، بۆ نموونە دەپرسی ئایا ئەو هێلکانەی لە سەلاجەکەدان چەند رۆژێکی دیکە بەکەڵکی خواردن دێن، یان چەندە گۆشت لە سەلاجەکەدایە. بەفرگرەکە شاشەیەکی گەورەی لەسەرە، کە زۆر ئەرك و کار ئەنجام دەدات بەهۆی کامێرایەك کە لە ژوورەوە دایە ناو سەلاجەکە بەتەواوی نیشان دەدرێ ئیدی پێویست ناکات هەموو جارێ دەرگای سەلاجە بکەیەوە.. بەفرگرەکە لەگەڵ ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێ و کەش هەوای دەرەوە لەسەر شاشەکە نیشان دەدات و دەکرێت ئەو ئاواز و گۆرانییەی حەزت لێ دەکەی گوێی لێبگری. هەروەها دەتوانی وێنەکانی ناو مۆبایل و کۆمپیوتەرەکەت لەسەر شاشەی بەفرگرەکە ببینی.





# ئامێرێکی دیجیتالی پێکهاتەی خواردەمەنیەکان دەزانێت



پێدەچێت دنیای تەکنەلۆژیا پێچەوانە بێتەوە، ئەگەر هەتا ئێستا هەر ئامێرێك بۆ ئەوە بووە کە مرۆڤ بحەسێنێتەوە و لە ئاکامی ئەو پشوودانەدا کێشی بچێتە سەر و تووشی چەندین نەخۆشی بێت، ئێستا جیهانی تەکنەلۆژیا گەیشتۆتە ئەو راستییەی کە مرۆڤ نابێت ئەوەندە پاڵداتەوە و قەڵەو بێت.. چەندین ئامێر دروستکراون بۆ ئەوەی کە تەندروستی مرۆڤ بپارێزن، لە پیشانگای CES ئەمساڵدا چەندین ئامێری تایبەت بە ئاگاداری و هۆشیارکردنەوەی تەندروستی نیشاندران، یەکێك لەوانە ئامێرێك بوو بەناوی scio ئەو ئامێرە لە تیشکی سەرووی سوور سوود وەردەگرێ، ئەو ئامێرە رێژەی کالۆری لە خۆراکدا بەوجۆرە دیاری دەکات کە چ پەرچەکدارێکی لە ئاست تیشکەکەدا دەبێت، ئامانجی سەرەکی ئەو ئامێرە یارمەتیدانی نەخۆشانی شەکرە و دڵە، کە بتوانن چاودێری وردیان هەبێ بەسەر ئەو خواردنانەی کە دەیخۆن. لە تاقیکردنەوەیەکدا کە لەسەر پارچە پەنیرێك کرا نیشانی دا کە چەندە مادەی کاربۆهیدرات و چەوری تێدایە.

## زانیاری پێویست لەبارەی سیستەمی ڕیمێکس

ئەوانەی شارەزاییان لە بواری کۆمپیوتەردا هەیە دەزانن سێ سیستەمی بەگەڕخەری گرنگ هەن وەك سیستەمی ویندۆز، سیستەمی IOS تایبەت بە کۆمپیوتەری ماك و سیستەمی لینۆکس، دوای ئەوەی مۆبایلە هۆشمەندەکان کەوتنە بازاڕەوە سیستەمێکی نوێتر هاتە ئارا کە تایبەتە بە مۆبایل و بە سیستەمی ئەندرۆید ناسراوە، ئەم سیستەمە تەنیا لەسەر مۆبایل و تەبلێت کار دەکات. بەم دواییانەش سیستەمێکی پەیوەندی بەناوی سیستەمی Remix OS بەرهەم هاتووە کە بەهۆیەوە دەکرێت سیستەمی ئەندرۆید لەسەر کۆمپیوتەر دابەزێنی، واتە بە ئاسانی دەتوانی سوود لە پرۆگرام و ئەپلکەیشن و یارییەکانی سیستەمی ئەندرۆید وەربگری..بەهۆی ئەو سیستەمەوە نە تەنیا سوود لە سیستەمی ئەندرۆید وەردەگرێ بەڵکو دەتوانی لە تایبەتمەندییەکانی سیستەمی

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک




**خوێنەرێکی ئازیز دەپرسێت هەر رۆژە و تۆڕێکی کۆمەڵایەتی لە مۆبایلدا دێتە ئارا نوێترینیان تۆڕی کۆمەڵایەتی تێلیگرامە، ئەو تۆڕە چ تایبەتمەندی و جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ ئەوانی دیکە؟**

خوێنەری بەڕێز تۆڕی تێلیگرام جیاوازی لەگەڵ ئەوانی دیکە ئەوەیە، دەکرێت فایلی زۆر قورس کە بەهیچ کام لە تۆڕەکانی دیکە ناکرێن بەڕێ بکەی، هەرکەس دەتوانێ کەناڵی تایبەت بەخۆی دروست بکا، یان ئەگەر بتهەوێ تەنیا بە دوای مەبەستێکی دیاریکراودا بگەڕێی لەو تۆڕەدا دەیدۆزیەوە، بەڵام تۆڕەکانی دیکە ئەو تایبەتمەندییانەیان نییە، لەبری ئەوە چەند تایبەتمەندی دیکەی وەك پەیوەندی راستەوخۆ بە ڤیدیۆیان هەیە.

# هەم کەڤەرە و هەم کیبۆردە بۆ مۆبایلی گەلەکسی

هەمـوو مۆبایلێك کیبۆردێکی مەجازی تێدایـە کـە دەکرێت بەهۆیەوە گشـت ئەرکەکانـی تایبەت بە نووسـین ئەنجام بـدەی، بـەڵام زۆر کەس حـەز دەکات لە کیبۆردێکی فیزیکـی وەك کیبۆردی کۆمپیوتەر بـۆ مۆبایلیش سـوود وەربگرێ، دیارە کۆمپانیای مایکرۆسـۆفت و چەنـد کۆمپانیایەکی دیکە کیبۆردی تایبـەت بـە مۆبایلیـان بەرهەمهێناوە، بەڵام کیبـۆردەکان لە مۆبایلێك گەورەتـرن، کۆمپانیایەکی نەرویژی کیبۆردێکـی بەنـاوی SlimType بەرهـەم هێنـاوە، کـە هـەم کیبـۆردە و هـەم کەڤـەرە بـۆ مۆبایلی جۆری گەلەکەسی S٦. کەڤەرە کیبۆردەکە لەرێگای NFCەوە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت. کیبۆردەکە جگە لە دوگمەکانی تایبەت بە نووسین، دوگمەی شۆرکەتی تایبەت بە کردنەوەی ئیمێل، رۆژمێر، ناو و ژمارەی مۆبایلەکان و کردنەوەی سایتەکانی تێدایە.






ویندۆزیش وەك کلیك راسـت و شـریتی فەرمان و رێکخسـتنی فایلەکان سوود وەربگری. رەنگە باشترین پێناسە بۆ سیستەمی (ریمیکس) ئەوە بێـت کـە « تێکەڵاوکردنـی دوو سیسـتەمی ئەندرۆید و ویندۆز بێت و سوود وەرگرتن لە هەردووکیان لە کۆمپیوتەردا» سیستەمی ریمیکس زۆر نزیکیشـە لـە سیسـتەمی ویـندۆز١٠ چونکـە سـتایلەکەی تەواو ویندۆز١٠یە. لە سیسـتەمی ناوبراودا بە ئاسـانی دەتوانی کار لەسـەر فایلەکانی ئۆفیسـی ئەندرۆید بکەی، بۆ نموونە بە ئاسـانی دەتوانی فایلێکـی word دەسـتکاری بکـەی و دواتریـش لەسـەر مۆبایلەکـەت بیکەیـەوە. بـە ئاسـانی دەتوانـی لەسـەر کۆمپیوتەر سـوود لـە هەزاران ئەپلکەیشـنی سیسـتەمی ئەندرۆید وەربگری کە لـە مارکێتی گەورەی گوگل پلەیدا هەن و دەگەنە نزیکەی دوو ملیۆن ئەپلکەیشن.



# سایتێک بۆ دابەزاندنی وێنەکانی ئینستاگرام

تـۆڕی کۆمەڵایەتـی ئینسـتاگرام یەکێکـە لـە گرنگترین تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چونکە تایبەتـە بە تەبلێت و مۆبایـل و زیاتریـش تۆڕێکـی وێنەییـە، گرفتێکی ئەم تۆڕە لەوەدایە کە ناکرێت وێنەکانی ناو تۆڕەکە دابەزێندرێن واتە دانلۆد بکرێن، بەڵام بەهۆی سـایتی instaport بە ئاسـانی دەتوانی وێنە و ڤیدیۆکانی ئینسـتاگرام دابەزێنرێت.. تەنانەت بەپێی ریزبەندیش دانلۆد بکرێن وەك ئەو وێنانەی لایك کراون، ئەو وێنانەی داندراون یان دابەزێندراون...

لە سـایتی instaport لەسـەرەتادا دەبێ زانیاری ئەکاونی خۆت بدەی بە سـایتەکە پاشـان سایتەکە دەکرێتەوە و فەرمانەکانی تایبەت بە دابەزاندن نیشان دەدرێن.